www.hetaw.net
ژمارە (٨٦١) چوارشەممە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٠ی زایینی
ئاڵای ئازادی
هەموو چوارشەممەیەك

**لەسەر سایتی فەیسبوکدا، وێنەی وەزیری کارەبا بڵاوکراوەتەوەو لەژێریدا نووسراوە "ڕۆیشتنی بێگەڕانەوە" وەک ئاماژەیەک بۆ دەستلەکارکێشانەوەکەی. لەیەکێک لەتوانجەکانیشدا کە لەسەر ئەو وێنانە نووسراوە، هاووڵاتیەک دەڵێت "با وەزیر لەبەردەم رای گشتیدا ئەو لایەنە سیاسییانە ئاشکرابکات کە لەپشت خراپی کارەباوەن وەک ئەوەی خۆی ئاماژەی پێدەدات".**

# قاعیدە دەست بەجموجوڵ دەکاتەوە

## ئەفسەرەکانی سووپای عێراق هاوکاری قاعیدە دەکەن



**ئا: پێشەوا خالید**

ڕێکخراوی قاعیدە بەتەقاندنەوەی ماڵی بەرپرسانیو سووتاندنی ئۆتۆمبێلەکانیان دەگەڕێتەوەو بۆ سنووری پارێزگای دیالە، ئەوەش لەکاتێکدایە لەماوەی دوو ساڵی رابردوودا تارادەیەکی باش بارودۆخی ئەمنی سەقامگیربوو، بەڵام لەئێستادا هاووڵاتییان ترسیان هەیە.

بەپێی وتەی هەندێ سەرچاوەی تایبەت لەسنووری پارێزگای دیالە "لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی هەندێ کردەوەی توندوتیژیشدا لەماوەی رابردوو کە بوونە مایەی کوژرانی دەیان کەس لەپارێزگاکەدا، هێزە ئەمنییەکان دووچاری قەیرانێکی نوێ بوونەتەوە لەبارەی توانای کۆنترۆڵکردنی بارودۆخی ئەمنی پارێزگاکە".

لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا، دوو تەقینەوەی خوێناوی بازارێکی میللی قەزای خاڵسی باکووری بەعقوبەی هەژاندو دەیان کەسی تێدا کوژرا. ئەمە جگە لەهێرشە نیمچە رۆژانەییەکان کە لەرێی بۆمبی چێندراوەوە لەناوچە جیاجیاکانی دیالەدا ئەنجامدەدرێن. وێڕای ئەم تەقینەوانەش، پێدەچێت باندەکانی رفاندن سەرلەنوێ دەستیان بەچالاکییەکانیان کردبێتەوە.

سایتی نیقاش ئاماژەی بەوەداوە کە لەئێستادا دیاردەی تەقاندنەوەی ماڵی بەرپرسانی حکومەتو دەزگا ئەمنییەکان بووەتە چالاکییەکی نوێی گروپە چەکدارەکانی پارێزگاکە.

بەپێی راپۆرتێکی سایتی نیقاش، لێدوانەکانی سەرۆکی لیژنەی ئاسایش لەئەنجومەنی پارێزگا دیالە، موسەنا تمیمی، هێندەی تر مەترسییەکانی هاووڵاتییان زیاتر دەکات.

تمیمی دەڵێت "هەندێ لەڕێکخراوە چەکدارەکان، لەنێویاندا قاعیدە، سەرلەنوێ دەستیان بەچالاکییەکانیان کردووەتەوە، بەتایبەت لەگەڕەکەکانی رۆژئاوای شاری بەعقوبە".

ڕێکخراوی قاعیدە کە خۆی بەناوی "دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی" ناساندوە لەعێراقدا، بەیەکێک لەچالاکترین گروپە چەکدارەکانی پارێزگای دیالە پۆلێن دەکرێت.

هەر بەهۆی کردەوە توندوتیژییەکانی ئەو ڕێکخراوەشەوە، بەدرێژایی چوارساڵی رابردوو، دەیان هەزار خێزانی پارێزگاکە ئاوارەبوونو سەدان هاووڵاتی مەدەنیش گیانیان لەدەستدا.

هێزەکانی رابوون کە لەساڵی ٢٠٠٦ لەلایەن ئەو عەشایەرانەوە پێکهێندرا کە لەڕێکخراوی قاعیدە جیاببوونەوەو لەلایەن ئەمریکاوە پڕچەک کران، توانییان ڕێکخرای ناوبراو تێکبشکێننو چەندین سەرکردەیان بکوژنو دەستگیربکەن تا وایلێهات رێژەی توندوتیژی لەساڵی ٢٠٠٨دا ٦٠% کەمیکرد لەچاو دوو ساڵی پێشووتری.

بەپێی وتەی سەرۆکی لیژنەی ئاسایش لەئەنجومەنی پارێزگای دیالە، لەماوەی چەند مانگی رابردوودا، ئەم ڕێکخراوە سەرلەنوێ دەستی بەچالاکییەکانی کردووەتەوەو چەندین هێرشی خوێناوی لەناوەڕاستی شاری بەعقوبەی سەنتەری پارێزگای دیالەو چەندین پارێزگای تری عێراق ئەنجامداوە.

هەر لەگەڵ زیادبوونی کردەوە توندوتیژییەکانیشدا، لەماوەی رابردوودا چەندین بەرپرسی رابوون بەدەستی ڕێکخراوی قاعید کوژران، دواهەمینیان بەرپرسی رابوونی گوندی عبور (زیاب داوود)بوو کە خۆییو ژنەکەی لەهێرشێکی چەکداریدا رۆژی ١٤ی حوزەیران لەناو ماڵەکەی خۆیاندا گیانیان لەدەستدا.

لەلایەکی ترەوە سەرچاوەیەک ئەوە روونکاتەوە، کە بەهێزبوونەوەی قاعیدە لەسنووری پارێزگای دیالە بۆ هاوکارییو یارمەتیدانی ئەفسەرانی پێشووی سووپای عێراق دەگێڕێتەوە کە هەموویان سەر بەحزبی بەعسن".

پێشتریش سەرکردە ئەمنییە باڵاکان پێشبینی دارمانی یەکجاری ڕێکخراوی قاعیدەیان کردبوو لەپاش کوژرانی هەردوو گەورە بەرپرسیان، ئەبو عومەر ئەلبەغدادییو ئەبو ئەیوب ئەلمەسری، لە١٨ی نیسانی ئەمساڵ لەناوچەی سەرساری نزیک سامەڕا، بەڵام پێدەچێت ئەو پێشبینیانە لەشوێنی خۆیان نەبووبن.

بەرپرسی نووسینگەی دژە تیرۆر لەپارێزگای دیالە، عەمید محەممەد تمیمی، ئەوە روونکاتەوە، کە ئەگەرچی ڕێکخراوی قاعیدە دووچاری گورزێکی بەهێز بووەوە، "بەڵام توانی بەپەلە هەڵسێتەوە سەرپێیو سەرلەنوێ دەست بەکارە تیرۆریستییەکانی بکاتەوە".

ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا کە دەستگیرکردنی چەندین بەرپرسی گەورەی ئەو ڕێکخراوە، لەنێویشیاندا مەناف راوی کە بەوالی بەغدا ناسراوە، وای لەو ڕێکخراوەکرد کاردانەوەی توندی هەبێت، "دواهەمین چالاکییەکانیشیان ئەوەبوو کە نزیکەی پێنج خۆکوژیان، رۆژی ١٣ی حوزەیران، هەڵیانکوتایە سەر بانکی ناوەندیی عێراق لەبەغدای پایتەخت".

جێی ئاماژەپێدانە ڕێکخراوی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی سەر بەقاعیدە، ناوی (غەزوەت ئەلئەسیر)ی ناوە لەچالاکییەکانی ئەمدواییەیان وەک ئاماژەیەک بۆ یەکێک لەدیارترین سەرکردە دەستگیرکراوەکانیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بەپێی لێدوانی ئەبو عەزام تمیمی سەرکردەی نێو هێزەکانی رابوون، بەبێئەوەی زانیاری زیاتر لەبارەی ئەو دەستگیرکراوەوە ئاشکرابکات.

لەلایەکی ترەوە بەرپرسێکی بەڕێوەبەرایەتی دژە تیرۆری پارێزگای دیالە کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت، بۆ نیقاشی رونکردەوە کرد "بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکانمان، قاعیدە ئەمیرێکی نوێی لەعێراقدا دامەزراندووەو لەئێستاشدا گەورە سەرکردەکانی سووپای پێشوی عێراق پلانەکان دادەڕێژنو ئەندامانی قاعیدە جێبەجێی دەکەن".

بەپێی زانیارییەکانی پێگەی ئەلکترۆنی (سایت)ی ئەمریکی کە تایبەتە بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی گروپە توندڕەوەکان، هەر لەپاش کوژرانی ئەبو عومەر بەغدادییو ئەبو ئەیوب میسری، ڕێکخراوی قاعیدە (ناسر

### مەترسی گەڕانەوەی تیرۆریستان دەکرێت

لدینوڵڵا ئەبو سلێمان)ی وەک وەزیری شەڕ راگەیاندووە.

زانیارییە هەواڵگرییەکان ئاماژ بەوەدەدەن کە ئەبو سلێمانی بەڕەگەز مەغریبی، توندڕەوترین سەرکردەی قاعیدەیە لەعێراقدا لەپاش ساڵی ٢٠٠٣وە تائێستا.

# کارەبای ناوچەی سەوزو ماڵی بەرپرسەکان دەبڕدرێت

## لەسایتی فەیسبووک، عێراقییەکان چییان بۆ وەزیری کارەبا نووسی





دوای دەستلەکارکێشانەوەی وەزیری کارەبا، کارەبای ماڵی بەرپرسانی ناوچەی سەوز بڕدرا

**ئا: هەنێ بەکر**

ئەگەرچی پێشتر نەبوونی کارەبای پێویست بۆ هاووڵاتییان مایەی سەرسوڕمانی هاووڵاتیانی عێراق بوو، بەڵام ئێستا ئەو سەرسوڕمانە گۆڕدراوە بۆ نەبوونو لەدەستدانی متمانەی بەرپرسەکان لای هاووڵاتییان، "چونکە ساڵانێکی زۆرە کێشەیە بوونی هەیەو بوتەی هاووڵاتییانیش هەر بەردەوام دەبێت".

بەپێی چەند زانیارییەک، عێراق لەئێستادا پێویستی بە٢٧ هەزار میگاوات کارەبا هەیە بۆئەوەی بتوانێت ٢٤ کاتژمێر کارەبا لەڕۆژێکدا بگەیەنێتە هاووڵاتییان، بەڵام بەپێچەوانەی ئەو خواستەوە ئێستا عێراق توانای بەرهەمهێنانی تەنها ٨٧٠٠ مێگاوات کارەبای هەیە. راپۆرتێکیش باس لەوەدەکات، "ئەوەی بەفعلی بەرهەمدەهێندرێت، لەسێ هەزار مێگاوات تێناپەڕێت".

دوای ئەو قەیرانە لەعێراقدا، لەپاش چوارساڵ شکستهێنان لەچارەسەرکردنی قەیرانی کارەباو سەرهەڵدانی چەندین رێپێوانی نارەزایی هاووڵاتییان لەپارێزگاکانی خواروو ناوەڕاستی عێراق بەهۆی نەبوونی کارەبای پێویستەوە، کەریم وەحیدی وەزیری کارەبا دەستلەکارکێشانەوەی خۆی راگەیاند.

رێپێوانەکان کە رۆژی ١٩ی حوزەیران لەپارێزگاکانی بەسرەو زیقارەوە دەستیانپێکرد، بەهۆی کەوتنەوەی پێکدادان لەنێوان جەماوەرو هێزە ئەمنییەکان، دوو کوژراوو دەیان بریندارایان لێکەوتەوە.

بەپێی بەیاننامەیەکی نووسینگەی وەزیری کارەبا؛ ئۆباڵی خراپی کەرتی کارەبای خستبووە سەر چەکدارە یاخیبووەکان کە ژێرخانی وزەی کارەبایان کردووەتە ئامانجی هێرشەکانیان.

وەحید کە بەدرێژایی چوارساڵ وەک وەزیری کارەبا کاریکردووەو لەلایەن عێراقییەکانەوە به (ساڵە تاریکەکان) ناوبراوە، لەپاش دەستلەکارکێشانەوەکەی ئاشکرایکرد کە هەندێک لایەنی سیاسیش بوونەتە هۆی خراپبوونی بارودۆخی کارەبا. هەر ئەمەشە کە لەلایەن خودی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی ماوە بەسەرچووەوە جەختی لەسەردەکرێتەوە بەبێئەوەی هیچ کام لەو دووانە کە سەر بەهەمان حزبی سیاسین، ناوی ئەو لایەنانە ئاشکرابکەن.

هاووڵاتییانی عێراق ئاماژەیان بەوەدا کە زۆربەی ئەو کارەبایەی لەعێراق بەرهەمدەهێنرێت بۆ ماڵی بەرپرسانو ناوچەی سەوزی شاری بەغدا دەچێت، لای خۆیشییەوە نوری مالیکی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا وتی "بەپێی پلانی ئەمێرجنسی دەبێت کارەبای بەردەوام تەنها بۆ نەخۆشخانەکانو هەندێ دامەزراوەی حکومەت بێت، بەڵام لەڕاستیدا ئەو کارەبایە چووەتە ماڵی بەرپرسانو ئەمەش هێندەی تر قەیرانەکەی گەورەتر کردووە".

مالیکی جەختی لەسەر رەوایی گلەیی هاووڵاتییانی کردەوەو رایگەیاند، زیاتر لە١٧٠٠ مێگاوات وەک پلانی ئیمێرجنسی دەچێتە ماڵی بەرپرسانو پەرلەمانتارانو نەخۆشخانەکانو هەندێ دامەزراوە تر، "ئەم قەیرانە چارەسەر نابێت ئەگەر ئەو گرێبەستانە جێبەجێنەکرێن کە لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکاندا ئیمزاکراوەو ئەمەش بەلانی کەمەوە پێویستی بەدووساڵ هەیە".

ئەم وتانەی نوری مالیکی-ش لەکاتێکدایە کە رۆژی دووشەممەی رابردوو، راوێژکاری وەزیری ئابووری ئەمریکا ئاماژەی بەوەدا، کێشەی کەمی کارەبا لەعێراق لەدوای ساڵی (٢٠١٥)دا چارەسەردەکرێتو لەساڵی (٢٠٣٠)یشدا، بەپێی ستراتیژییەکی دانراو دەگاتە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان.

جۆن دسرۆشەر روونیکردەوە، لەگەڵ ئەوەی ئیدارەی واشنتۆن بڕی پێنج ملیار دۆلاری بۆ باشکردنی ئاستی کارەبا لەعێراق تەرخانکردووە، بەڵام هێشتا باشبوونی کارەبا لەو وڵاتەدا بەوپێیەی کە بگاتە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان، پێویستی بەپانزدە ملیار دۆلاری دیکە هەیە.

ناوبراو ئاماژە بەوەشدەکات، کە زیادکردنی بەرهەمی کارەبا لەعێراقدا، نابێتە هۆی باشکردنی ئاستی کارەبا، "چونکە داواکاری لەسەر کارەباش بەهەمانشێوە زیاددەکات". دسرۆشەر باس لەهەمان ئاماژەی مالیکی دەکاتو دەڵێت "تەنگژەی کەمی کارەبا لەعێراقدا تەنها لەڕێگەی جێبەجێکردنی هەردوو پڕۆژەی (GE)و (Siemens)ەوە دەبێت، کە بەهەردوو پڕۆژەکە دوانزدە هەزار مێگاوات کارەبا بەرهەمدەهێنن".

قەیرانی نەبوونی کارەبا لەعێراق دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو کاتێک هێزەکانی هاوپەیمانان لەشەڕی کەنداوی دووەمدا لەپاش داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لەساڵی ١٩٩٠، تۆڕی نیشتمانی کارەبای عێراقیان وێرانکردو دواتریش بەهۆی ئابلۆقەی ئابوورییەوە کە تاساڵی ٢٠٠٣ بەردەوامبوو، هێندەی تر ژێرخانی عێراق دارما.

ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەدرێژایی ئەو ساڵانە هیچ پڕۆژەیەکی چاکسازییو بنیاتنانی وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا ئەنجامنەدرا بۆئەوەی بتوانرێت کارەبای پێویست بگەیەندرێتە هاووڵاتییانو ساڵ بەساڵیش بڕانی بەبەرنامەی کارەبا زیادیدەکرد تاکار گەیشتە ئەوەی رۆژانە زیاتر لە٢٠ کاتژمێر کارەبا دەبڕدرا.

لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقیشەوە لەساڵی ٢٠٠٣، وێڕای تەرخانکردنی بودجەیەکی زەبەلاح لەپێناو چارەسەرکردنی قەیرانی کارەبا لەعێراقدا، هیچکام لەو پڕۆژانە سەرکەوتوو نەبوون لەبەرهەمهێنانی پێویستی وزەی کارەباو تائەمڕۆش چ ئەو کارەبایەی لەناوخۆ بەرهەمدەهێندرێتو چ ئەوە لەدەرەوەی وڵاتەوە دەکڕدرێت، نەگەیشتووەتە ئاستی پێویست.

عێراقییەکانیش خۆشحاڵی خۆیان بەدەستلەکارکێشانەوەی وەزیری کارەبا دەربڕییو لەسەر سایتە کۆمەڵایەتییەکانی ئەنتەرنێتدا ناوبراویان بە(ئەبو فخری) ناساند (ئەبو فەخری کەسایەتییەکی نێو یەکێک لەزنجیرە تەلەفزیۆنییەکانەو بەدرۆکردنو گەورەکردنی شتەکان ناسراوە) وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو هەموو بەڵێنانەی هیچیان نەهاتنەدی لەبارەی باشبوونی بارودۆخی کارەبا.

لەسەر سایتی فەیسبوکدا، وێنەی وەزیری کارەبا بڵاوکراوەتەوەو لەژێریدا نووسراوە "ڕۆیشتنی بێگەڕانەوە" وەک ئاماژەیەک بۆ دەستلەکارکێشانەوەکە.

لەیەکێک لەتوانجەکانیشدا کە لەسەر ئەو وێنانە نووسراوە، هاووڵاتیەک دەڵێت "با وەزیر لەبەردەم رای گشتیدا ئەو لایەنە سیاسییانە ئاشکرابکات کە لەپشت خراپی کارەباوەن وەک ئەوەی خۆی ئاماژەی پێدەدات".

وتەبێژی فەرمی حکومەتی عێراقیش عەلی دەباغ رایگەیاند، بڕیاردراوە کارەبای بەردەوام لەسەرجەم دامەزراوەکانو ناوچەی سەوزو ماڵی بەرپرسان ببڕدرێت تاوەکو بڕێکی زیاتر کارەبا بگاتە هاووڵاتییان.

بەدرێژایی حەوت ساڵی رابردووش، حکومەتی عێراق ١٧ ملیار دۆلاری بەمەبەستی بنیاتنانەوەی کەرتی کارەبا سەرفکردووە، ئەمە جگە لەملیۆنەها دۆلاری تر کە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ هەمان مەبەست رۆیشتووە.

قەیرانی کارەبا دیاردەیەکی تری هێنایە ئاراوە کە بریتییە لەموزایەدەی سیاسی لەنێوان کوتلە کێبڕکێکەرەکان لەپێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق. لەوبارەیەشەوە زۆربەی لایەنە سیاسییەکان رەخنەی توندیان ئاڕاستەی وەزیری کارەبا کردبوو.

لەهەمانکاتدا هەندێ سەرکردەی سیاسیو پەرلەمانتار بەئاشکرا داوایان لەوەزیری کارەبا کردبوو هەرچی زووە کێشەی کارەبا چارەسەربکاتو پەلەبکات لەجێبەجێکردنی ئەو گرێبەستانەی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئیمزاکراوە.

بەهۆی نەبوونی ئاماری تایبەتو ورد، کەس قەبارەی زەرەرو زیانەکانی نەبوونی کارەبا نازانێت لەسەر ئابووری عێراق، بەڵام چاودێران هاوڕان لەوەی کاریگەرییەکی سلبی گەورەی بەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان جێهێشتووە.